چامپیۆنز لیگ.. بایرن میونشن چوار گۆڵی لە کلووب برووج تۆمارکرد و چۆسیش گۆڵبارانی ئۆیاکسی کرد

لە چامپیۆنز لیگ بایرن میونشن چوار گۆڵی لە کلووب برووج تۆمارکرد و چۆسیش گۆڵبارانی ئۆیاکسی کرد.

لە قۆناغی یەکەمی چامپیۆنز لیگ، بایرن میونشن لە یاریگی خۆیدا میوانداری کلووب برووجی کرد.

لە تایمی یەکەم، کوڵانی کەمپانی بەتەواوی دەستیان بەسەر یارییەکەدا گرت و توانیشیان لە خولەکی پێنج لە ڕێگای کارەوە گۆڵی یەکەم تۆمار بکەن، پاش ئەوەش لە خولەکەکانی 14 و 34 دوو گۆڵی تریان لە ڕێگای لویس دیاز و هاری کەینەوە تۆمارکرد و ئەو تایمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم، هەمان سیناریۆی تایمی یەکەم بینرا، بایرن باشتر دەرکەوت و لە هەرشکردن بەردەوام بوون، توانیشیان لە خولەکی 79 لە ڕێگای جاکسنەوە گۆڵی چوارەم تۆماربکەن و سەرەنجامیش یارییەکە بە چوار گۆڵی بەوەنام لە بەرژەوەندی بایرن کۆتایی پێهات و خاڵەکانیان بوو بە نە خاڵ لە سە یاریدا.

لە یارییەکانی تریشدا، چۆسی بە پێنج گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵەک شکستی بە ئۆیاکس هێنا، سپەرتینگیش بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵەک شکستی بە مارسیلیا هێنا.